## تێك هەڵچونی دەست فرۆشان لەگەڵ هێزەكانی ڕژیم لەشاری مەریوان

بەپێی هەواڵی گەیشتوو لەشاری مەریوانەوە سەعاتی حەوت و نیوی بەیانی ڕۆژی شەممە ١٧ی خاكەلێوە، هێزە بەكرێگیراوەكانی ڕژیم هێرشیان كردۆتە سەر دەستفرۆشەكان و ویستویانە كەل و پەلەكانیان كۆبكەنەوە بەڵام لەگەڵ خۆڕاگری دەست فرۆشەكان ڕووبەڕوو بوون و لەئاكامدا، شەڕو تێك هەڵچونی سەخت لەنێوانیان ڕووی داوە. خەڵكی قارەمانی شاری مەریوانیش كاتێك شاهیدی خۆڕاگری دەست فرۆشەكان بوون، بەیارمەتیانەوە چوون.

هێزە بەكرێگیراوەكانی ڕژێمیش بۆ بڵاوە پێ كردنی خەڵك كەڵكیان لە گازی فرمێسك ڕێژ وەرگرت و پەلاماری خەڵكیان داو و ژمارەیەكیان لێ گرتوون.